# بیست ساڵ دوای تیرۆری د. قاسملوو:

## هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە بڕیاری د. قاسملوو بۆ وتوویژکردن لە گەڵ ئێران

ئیدریس ئەحمەدی













## بیست ساڵ دوای تیرۆری د. قاسملوو:
## هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە بڕیاری د. قاسملوو بۆ وتووێژکردن لە گەڵ ئێران

### ئیدریس ئەحمەدی

بیست ساڵ بەسەر تیرۆرکرانی د. قاسملوو لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تێپەڕیوە. بۆ ئێمەی کورد، ئێستاشی لەگەڵ بێ، مەرگی د. قاسملوو شۆکێکی دەروونییە (trauma). بەردەوامبوونی ئەم شۆکە دەروونییە پاش بیست ساڵ تەنیا ناگەڕێتەوە بۆ دەوری بناغەیی د. قاسملوو لە بزووتنەوەی کورددا، بەڵکوو هۆکاری دیکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی تیرۆرکرانی د. قاسملوو و هەروەها درێژەکێشانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە بێ ئەوەی هێشتا ئاسۆی سەرکەوتنی روون بێ.

نەتەوەی دیکەش هەن کە ڕێبەریان لێ تیرۆر کراوە، بەڵام کارەساتی وا نەبووەتە هۆی شۆکی دەروونی بەردەوام بۆیان. تیرۆری جان کێنێدی لە ئامریکا و ئولۆف پالمێ لە سوید دوو نموونەی وان. لە بیرمە، کاتێک کە بیست ساڵ بەسەر تیرۆری پالمێدا تێپەڕیبوو، یەکێک لە کاناڵە تێلێڤیزیۆنییەکانی سوئێد بەرنامەیەکیان بەو بۆنەوە هەبوو. هێندێک لەو کەسانەی کە لە شاری ستۆکهۆڵمدا چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا کردبوون، لەوانە چەند گەنجێک، لە قسەکانیاندا بە ڕوونی دیاربوو کە مەرگی پالمە تەنیا لە حافیزەی مێژوویی‌یاندا جێگای هەبوو، نەک لەوە زیاتر. هۆیەکەی ئەوە نیە کە پالمە لە کاتی خۆیدا کەسایەتی‌یەکی سیاسی گرنگ نەبووە، بەڵکوو هۆیەکەی ئەوەیە کە سوید وڵاتێکی کۆنی سەربەخۆ و سەقامگیرە کە نزیک بە دووسەد ساڵە شەڕی نەبینیوە، بۆیە ئەگەر تەنانەت سەرۆک وەزیرێک لەو وڵاتەدا بکوژرێ، پاش بیست ساڵ شۆکە دەروونی‌یەکەی بەردەوام نابێ.

### پرسیارێکی ناخۆش، بەڵام پێویست

بەش بەحاڵی خۆم بە بەردەوامی لەگەڵ ئەو شۆکەدا ژیاوم، بەڵام لە ساڵانی دواییدا ئەو پرسیارەم لا درووست بووە کە بۆ د. قاسملوو بەو شێوەیە تیرۆر کرا؟ یان ڕوونتر بڵێم، بۆ د. قاسملوو بە بێ ڕەچاوکردنی ئەمنییەتی خۆی و هاوڕێیانی، لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا چووە سەر مێزی وتووێژ؟ لە مێژە لێرەو لەوێ لە نێو کوردانی دانیشتووی سویددا ئەو پرسیارەم گوێ لێ دەبێ، بەڵام هیچ وڵامێکی باشم بۆ نەبووە. هەڵبەت لە ساڵانی دواییدا، زۆر بە جیددی فیکرم لێ کردوەتەوە. چەند ساڵێک لەمەوپێش و پاش خوێندنەوەی کتێبێک لە لایەن ڕۆژنامەوانی ئامریکایی جاناتان راندال (Jonathan Randal)، ئەوەندەی دیکە ئەو پرسیارە ئازاری داوم. راندال وەک بەشێکی زۆر لەو ڕۆژئاواییانەی کە دەرفەتی ناسینی د. قاسملوویان هەبووە، موعجیبی زانیاری و لێهاتوویی سیاسی د. قاسملووە. هەڵبەت راندال سەرسووڕمانی خۆی لە ڕەچاونەکردنی مەسەلەی ئەمنییەت لەلایەن د. قاسملووەوە دەردەبڕێ.[1] لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەدا کە ڕۆژێک لە پاریس قەراری دیداری لەگەڵ د. قاسملوو هەبووە و کاتێک کە راندال دەگاتە جێگای مەبەست، نوێنەری د. قاسملوو سواری ماشێنێکی دەکا و دەیباتە جێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی چاوی پێ بکەوێ.[2] راندال لەسەر ئەساسی ئەو بیرەوەریەی خۆی ڕەخنە لە د. قاسملوو دەگرێ و دەنووسێ کە مرۆڤێک کە ئەوەندە گرنگی بە ئەمنییەتی خۆی دەدا، نەدەبوا لە ڤیەن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەمنییەتی خۆی و هاوڕێیانی، چووبایە بۆ وتووێژ.

ئەم وتارە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، یان با بڵێم بۆ ڕەوینەوەی ئەو سەرسووڕمانەی راندال، چوونکە سەرسووڕمانی ئەو لە چوونی د. قاسملوو بۆ وتووێژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بە بێ ڕەچاوکردنی ئەمنییەتی خۆی، سەرسووڕمانی من و زۆر کوردی دیکەشە. بە بۆچوونی من، ئێمە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ هێندێک مەسەلەی بنەڕەتیتر لەبەرچاو بگرین، کە من لە درێژەی ئەم وتارەدا یەکەیەکە باسیان دەکەم.

## بۆچوونی د. قاسملوو سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە

ئەوەڵین مەسەلە، کە دەوری هەبووە لەوەی د. قاسملوو متمانە پەیدا بکا بە کۆماری ئیسلامی و هەروها گەشبین بێ بە ئەنجامی وتووێژەکان، بۆچوونی ئەو ڕێبەرە سیاسییە بوو سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە. ئەمەش، وەک لە درێژەی باسەکەدا شی دەکەمەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆ. یەکەمیان ئەوەیە کە د. قاسملوو سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان بە ڕەنگدانەوەی نێوخۆییان دەبینێ. دووهەم، پاش مەرگی خومەینی، د. قاسملوو پێی وابوو کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆڕان دەڕوا. تێگەیشتنی د. قاسملوو لە ڕەفسەنجانی وەک سیاسەتمەدارێکی "پراگماتیست" و دەسەڵاتداری کلیلی کۆماری ئیسلامی، وا پێ دەچێ دەورێکی گرنگی گێڕابێ لە متمانەکردنی بە کۆماری ئیسلامی و گەشبین بوونی بە ئەنجامی وتووێژەکان.

پێش ئەوەی بۆچوونی د. قاسملوو لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە شی بکەمەوە، دەبێ ئاماژە بەوە بدەم کە لەگەڵ ئەوەی د. قاسملوو – بە پێی ستراتیژی حیزب بۆ دیتنەوەی چارەسەری مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا – مەسەلەی کوردی وەک مەسەلەیەکی "نێوخۆی"[3] دەبینی، لەڕاستیدا حیزب بەهۆی شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد و حیزب بەرپای کردبوو کە بە پێی زەمان بووە هۆی دوورکەوتنەوەی حیزب لە خاکی کوردستانی ئێران، بە مانایەک وەک ئەکتەرێکی غەیرەدەوڵەتی "دەرەکی" لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەڵسووکەوتی دەکرد. ئەمەش شتێکی تایبەت بە بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ئێران نیە، بەڵکوو بزووتنەوەی سیاسی هەموو بەشەکانی کوردستان دەگرێتەوە. بەهۆی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دراوسێدا و لەبەر ئەوەی هیچکام لەم وڵاتانە ئیجازەیان نەداوە مەسەلەی کورد لە فەزایەکی دێموکراتیکدا چارەسەر بێ و هەمیشە بە هێزی نیزامی وڵامی داخۆازیيە نەتەوایەتیيەکانی کوردیان داوەتەوە، مەسەلەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەوە ڕەهەندیکی نێودەوڵەتی هەبووە و وەک مەسەلەیەکی "نێوخۆی" نەماوەتەوە. بە واتایەکی دیکە، سیاسەتی ئێران، عێراق و تورکیا بەرانبەر بە کورد و ناچار بوونی بزووتنەوەی پارچەکانی کوردستان بۆ وەرگرتنی پشتیوانی یەکێک لەو وڵاتانە بۆ ئەنجامدانی خەباتی چەکداری، بووەتە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لەو وڵاتانەدا تا ڕادەیەک ببێ بە ئەکتەری "دەرەکی." بەو پێیە، دەبوا لە پێشدا لە ئاست "سیاسەتی دەرەوەدا" حیزبی دێموکرات و ئێران پێکەوە مامڵە لەگەڵ یەکتر بکەن (هەرچەند پەیوەندییەکە، پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت نەبوو). دەبێ لەو گۆشەنیگاوە بڕوانینە سەرقاڵبوونی د. قاسملوو بە لێکدانەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.

لە وتارێکدا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، د. قاسملوو دەڵێ:

> "سیاسەتی دەروەی هەموو وڵاتێک، ڕەنگدانەوەیەکە لە سیاسەتی نێوخۆی ئەو وڵاتە. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی پێڕەوی ئەم ئەسڵەیە."[4]

ئەم وتەیەی د. قاسملوو ڕەنگبێ بڕێک سەیر بێتە بەرچاو، چوونکە مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ: ئەگەر سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی سیاسەتی نێوخویی نەبێ، ئەدی لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ؟ بۆ تێگەیشتن لەو وتەیەی د. قاسملوو دەبێ باسێکی تیۆریک لە دراساتی سیاسەتی دەروەدا لەبەرچاو بگرین.[5] لەم باسە تیۆریکەدا، چەندین بۆچوونی جیاواز هەن، بەڵام لەم وتارەدا، باسەکە سنووردار دەکەم بە دوانیان. یەکێکیان سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان وەک کاردانەوە بەرانبەر بە فاکتەرگەلێک لە سیستمی نێودەوڵەتیدا (واتە فاکتەرگەلێک خاریج لە وڵاتان) دەبینێ و ئەوی دیکەیان، وەک لە بۆچوونەکەی د. قاسملوودا دەردەکەوێ، باس لە سەرچاوە نێوخۆییەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەکا. ئەوەی یەکەمیان بە بۆچوونێکی "ڕیالیستی" لەقەڵەم دەدرێ و ئەوەی دووهەمیان هەم لەلای مارکسیستەکان و هەم لەلای لیبرالەکان بەدی دەکرێ.[6]

ڕەنگبێ باشترین شێوە بۆ شیکردنەوەی ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە، ئەو لێکدانەوە بێ کە بەردی بناغەی "ڕێبازی بوشی" پێکهێنابوو. ئەو کەسانەی کە لە ئامریکادا پێیان دەگوترێ "نوێموحافیزەکار" لەسەر ئەو باوەڕەن کە سیاسەت و کرداری دەرەکی هەر دەوڵەتێکی دیاریکراو، ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی نێوخۆیی ئەو دەوڵەتەیە. بۆ نموونە، سەبارەت بە عێراق لە سەردەمی حکومڕانی سەددام حوسێندا، لێکدانەوەیان وا بوو کە سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی عێراق لە حیزبی بەعس و تایبەتمەندییە فەردییەکانی خودی سەددامەوە سەرچاویان دەگرت. ئەوان هەروها بۆچوونێکی لیبرالییان لەمەڕ ئاشتی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی خۆیاندا چەسپاندبوو. بە پێی ئەو بۆچوونە لیبرالییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی سیاسی ئیمانوێل کانت، بۆ ئەوەی "ئاشتی دایەمی" لە جیهاندا بێتە ئاراوە، دەبێ نیزامی نێوخۆیی وڵاتان بگۆڕدرێن بە نیزامی دێموکراتیک. ئەم بۆچوونە لە دەیەی 1980دا شێوە لەدایکبوونەوەیەکی بەخۆیەوە بینی و وەک "تێزی ئاشتی دێموکراتیک" ناسراوە. بۆ نموونە ئاماژە بەوە دراوە کە لە ساڵی 1815ـەوە هیچ وڵاتێکی دێموکراتیک لەگەڵ وڵاتێکی دیکەی دێموکراتیکدا بەشەڕ نەهاتووە. زانایانی سیاسی تا ئێستا نەگەیشتوونەتە کۆدەنگی‌یەک سەبارەت بەوەی کە چ مێکانیزمێک لە نیزامێکی دێموکراتیکدا دەبێتە هۆی ئەوە کە  وڵاتانی دێموکراتیک لە گەڵ یەکتردا بەشەڕ نەیەن.[7] بەڵام یەکێک لە کاربەدەستانی پێشووی حکوومەتی بوش، ریچرد هاس (Richard Haass)، لە وتارێکدا سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی بوش دەنووسێ: "بوش پابەندبوو بە تیۆری 'ئاشتی دێموکراتیک'، کە دەڵێ وڵاتانی دێموکراتیک نەک تەنیا لەگەڵ شاروەندانیاندا باشتر هەڵسووکەوت دەکەن، بەڵکوو هەروها کردارییان بەرانبەر بە دراوسێکانیان و وڵاتانی دیکەش باشترە."[8] جیاوازی نوێموحافیزەکارەکان لە گەڵ لیبرالەکان لەوە دایە کە نوێموحافیزەکارەکان پێیان وایە ئامریکا دەتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی نیزامی خۆی دێموکراسی بڵاو بکاتەوە.[9]

لەبەرانبەردا ریالیستەکان دەڵێن تاکوو ئەو کاتەی دەوڵەتانی دیکتاتۆر نەبنە هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی  بۆ سەر ئامریکا، دەبێ تەحەمول بکرێن و "گۆڕانی ڕێژیم" وەک ئامانجی سیاسەتەی دەرەوەی ئامریکا ڕەد دەکەنەوەو گرنگی دەدەن بە هەوڵدان بۆ "گۆڕانی ڕەفتاری" ئەو جۆرە دەوڵەتانە لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە. ئەم بۆچوونە لە ڕاسپاردەکانی راپۆرتی "بەیکر- هامیلتن" زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ و وا وێدەچێ ئیدارەی باراک ئوباما ئەو ڕاسپاردانەی کردبێ بە بەردی بناغەی سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە وڵاتێک وەک ئێران.[10] هێندێک لە ریالیستەکان هەروها پێیان وایە دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا و ئیسرایل لە پلەی یەکەمدا لە جیاوازی "ئایدیۆلۆژییەوە" سەرچاو ناگرێ، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە کۆماری ئیسلامی حوزووری نیزامیی ئامریکا لە دەورووبەری خۆی و چەکی ئەتۆمی ئیسرایل بە "خەتەری ئەمنییەتی" دەبینێ. هێندێکیان پێیان وایە ئێران "قووڵایی ستراتیژیکی" نیە و بەو پێیە پشتیوانکردنی تاران لە گرووپە تیرۆریستەکان لە ناوچەکەدا شێوەیکە بۆ قەرەبووکردنەوەی نەبوونی ئەو قووڵایی‌یە ستراتیژیکە.[11] هەر لەو ڕاستاییەدایە ئەوان ئامانجی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە لێک دەدنەوە. سەبارەت بە ئێران، ریالیستەکان هەروەها رەنگبێ بڵێن حەشیمەتی وڵات، سامانی سرووشتی و گەورەبوونی بە نیسبەت هێندێک لە وڵاتانی دراوسێ وادەکا کە ئێران، هەر جۆرە ڕێژیمێکی هەبێ، بەشوێن باڵادەستی یان هێژمۆنی ناوچەییەوە بێ. لێرەدا مرۆڤ دەتوانێ ئاماژە بەوە بدا کە هەوڵی ئێران بۆ وەدەست هێنانی چەکی ناوکی، لە سەردەمی شادا دەستی پێ کرد، کە دەکرێ بڵێین گرێدراوە بە تێندێنسی ئێرانەوە بۆ وەدەستهێنانی هێژمۆنی ناوچەیی.[12]

بێگومان، ئەم باسانە گەلێک ئاڵۆزن و من هەوڵم داوە سادەیان بکەمەوە.[13] بۆ نموونە ئەوانەی پێیان دەگوترێ "ریالیست"، لە نێو خۆیاندا ناکۆکن و هێندێکیان گرنگی دەدەن بە فاکتەری جۆراوجۆری نێوخۆیی وەک سەرچاوەی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتان. گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە بۆ تێگەیشتن لە بڕیاری د. قاسملوو بۆ وتووێژکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی متمانەکردنی بەو ڕێژیمە، خاڵی دەستپێکمان دەبێ جیاوازیی نێوان ئەو دوو بۆچوونە بێ کە سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە باس کران. هەروها دەبێ لە لایەک لە مەسەلەی وتووێژ لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە تێبگەین و لە لایەکی دیکەوە بەستێنی مێژووی وتووێژی حیزب لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە کۆتایی دەیەی 1980دا، لە بەرچاو بگرین.

**گرنگی وتووێژ لە روانگەی حیزبی دێموکرات و بەستێنی مێژووی وتووێژی د. قاسملوو لە گەڵ ئێراندا**

سەبارەت بە مەسەلەی وتووێژ، سکرتێری ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان، رێزدار مستەفا هیجری، لە وتووێژێکدا دەڵێ: "دوکتور قاسملوو بناغەی خەباتی کوردی لە کوردستانی ئێران لە سەر خەباتی سیاسی بینا کردبوو و لە بنەڕەتڕا باوەڕی بەوە نەبوو کە کورد بە خەباتی چەکداری مافی خۆی دەتوانێ بەدەست بێنێ."[14] حیزبی دێموکرات کەڵکی لە خەباتی چەکداری وەرگرتووە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناچار بکا لەگەڵ کورددا وتووێژ بکا. هیجری ئاماژە بەوە دەدا کە ئەوەڵین وتووێژەکان کاتێک ئەنجام دران کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە، کە سێ مانگی خایاند، شکستیان هێنا و ئایەتوڵا خومەینی ئامادەیی خۆی ڕاگەیاند بۆ وتووێژ. هەڵبەت پاشان بۆ حیزبی دێموکرات دەرکەوت کە "مەبەستی رێژیم لە پێشنیاری وتووێژ بەدەستهێنانی کات بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە پرشوبڵاوەکانی خۆی بوو."[15] بەڵام ئەوە نەبووە هۆی وەلانانی مەسەلەی وتووێژ لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە. خاڵی گرنگ لێرەدا سەبارەت بە شەڕ و وتووێژ ئەوەیە کە، وەک د. قاسملوو لە باسێکدا بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال چەند مانگ دوای کۆتایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران گوتویەتی، "لە واقیعدا ئەمن [واتە حیزبی دێموکرات] شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە."[16] هەڵبەت د. قاسملوو لەو باسەدا هەروها دەڵێ:

> "کەوابوو ئێمە دەڵێین موزاکرە دەکەین، بەڵام موزاکرە بۆ چی؟ موزاکرە بۆ دێموکراسی و خودموختاری. ئەگەر رێژیمی خومەینی رۆژیک هات گوتی من حازرم خودموختاری بدەم بە شێوەیەک کە حیزبی دێموکرات مەوافیقەتی دەگەڵ بکا، ئەو وەختە ئێمە بە میللەتی کورد بڵێین چی؟ [...] مەنزوورم ئەوە نیە کە خومەینی شتی وا دەڵێ، پێموابێ تا خومەینی مابێ شتی واناڵێ."[17]

لێرەدا دیارە کە د. قاسملوو گومانی هەیە کۆماری ئیسلامی تاکوو ئەو کاتەی خومەینی مابێ، وڵامدەرەوەی داخوازییەکانی حیزبی دێموکرات بێ. هەڵبەت، دووهەم جار کە حیزبی دێموکرات وتووێژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کرد، لە ڕێکەوتی 30و 31 دێسامبری 1988دا بوو، واتە پێش مەرگی خومەینی. لە سەرەتای 1989 دیسان د. قاسملوو لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا وتووێژی ئەنجام دا.[18] هەروها لە مانگی مارچی 1989دا دیسان لە نێوان حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامیدا وتووێژ ئەنجامدرا، بەڵام ئەم جارەیان د. قاسملوو لە وتووێژەکاندا ئامادە نەبوو و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبوون کە ئیدامە بە وتووێژ بدەن بە بێ حوزووری د. قاسملوو.[19]

لە مانگی جونی 1989دا، واتە ماوەیەکی کورت دوای مەرگی خومەینی، کۆماری ئیسلامی دیسان پێشنیاری وتووێژی کرد. د. قاسملوو ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد، بەڵام پێشنیاری کرد کە لە پاریس وتووێژەکان ئەنجام بدرێن. کۆماری ئیسلامی پێشنیاری پاریسیان رەد کردەوەو پێشنیاریان ئەوە بوو کە وتووێژەکان لە ڤیەن یان بێرلین ئەنجام بدرێن. هاوکات نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پەیامێکیان لە لایەن رەفسەنجانییەوە پێ بوو. پەیامەکەش ئەوە بوو کە دەبێ چارەیەکی خێرا بۆ مەسەلەی کورد ببیندرێتەوە.[20]

دەبێ هەروها گرنگی کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران لەم پەیوەندییەدا لەبەرچاو بگرین، گەرچی د. قاسملوو، وەک لە باسەکەیدا بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمال دەردەکەوێ، بەدووری دەزانی کە ئێران و عێراق بە ڕاگرتنی شەڕ بتوانن کێشەکانیان وەلا بنن و وەک ڕێکەوتنی 1975ی نێوان هەردوو وڵات، بزووتنەوەی کورد ناچار بکەن بە "ئاشبەتاڵ."[21]

هەڵبەت بۆ لێکدانەوەیەکی درووست سەبارەت بە بۆچوونی د. قاسملوو سەبارەت بە کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران و ئاکامەکانی کۆتایی هاتنی ئەو شەڕە بۆ بزووتنەوەی کورد، دەبێ جیاوازی نێوان لێدوانی د. قاسملوو بۆ پێشمەرگەکان و باسەکانی ئەوکاتی لە کومیتەی ناوەندیدا لە بەرچاو بگرین. لەگەڵ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نیە، بەڵام ئەندامانی رێبەری حیزب شاهیدیان داوە کە د. قاسملوو، لە ئاکامی کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا، سیناریۆی زۆر ترسناکی بۆ

بزووتنەوەی کورد لە بەرچاو بوو. لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندیدا د. قاسملوو و د. شەرفکەندی باسیان لە خراپترین سیناریۆ (worst-case scenario) کردووە، کە وەک "ڕۆژی ڕەش" لە قەڵەمیان داوە.[22] بێ گومان جیاوازی نێوان باسەکانی د. قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی و لێدوانەکانی بۆ پێشمەرگەکان یان بۆ گەلی کوردستان لە ڕێگای رادیوی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە، لەوەدایە کە د. قاسملوو سەرباری وێناکردنی خراپترین سیناریۆ، ویستویەتی ورەی پێشمەرگەکان و گەلی کوردستان بەرز ڕاگرێ.

کەوابوو، دەبێ کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران فاکتەرێکی گەلێک گرنگ بووبێ لە لێکدانەوەی د. قاسملوو سەبارەت بە ئیمکانی بەردەوامبوونی خەباتی چەکداری. بەو پێیە، دەبێ د. قاسملوو پێشنیاری کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ وتووێژکردن بە دەرفەتێکی باش زانیبێ بۆ پێش گرتن لە "ڕۆژی ڕەش."

## بڕواکردن بە گۆڕان دوای مەرگی خومەینی

ئەگەر بگەڕینەوە سەر بۆچوونی د. قاسملوو سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە و هەروها ئەو خاڵە لەبەرچاو بگرین کە پێ وابوو بە نەمانی خومەینی ئەگەری گۆڕانی کۆماری ئیسلامی هەیە، بەو نەتیجە دەگەین کە دەبێ ئەو دوو مەسەلەیە دەوری گرنگیان گێڕابێ لە بڕیاری د. قاسملوو بۆ بەشداریکردن لە وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. یەک مەسەلەی دیکەی گرنگ، کە دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆ د. قاسملوو دوای مەرگی خومەینی جۆرە متمانەیەکی بە کۆماری ئیسلامی پەیدا کردبوو، ئیستنباتی (perception) د. قاسملوو بوو لە کەسایەتی سیاسی ڕەفسەنجانی. مامۆستا حەسەن شیوەسەڵی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکرات، کە ئەوکات لە نزیکەوە بەشداری باسەکانی کومیتەی ناوەندی حیزب بووە سەبارەت بە ئەنجامدانی وتووێژ، لە کۆتایی دیسامبری 2008 بۆمی باس کرد کە د. قاسملوو هەر کاتێک باسی ڕەفسەنجانی دەکرد، وەک سیاسەتمەدارێکی "پراگماتیست" لە قەڵەمی دەدا.[23] بە واتایەکی دیکە، د. قاسملوو بۆچوونی لەسەر ڕەفسەنجانی ئەوە بوو کە ناوبراو بە پێی حوکمە ئایدیۆلۆژیەکانی خومەینی سیاسەت ناکا، بەڵکوو دەتوانێ تەشخیسی ئەوە بدا کە دیتنەوەی چارەسەری ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد و تەنازولکردن لە گەڵ حیزبی دێموکرات، لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی دایە.

بێگومان ئیستنباتی د. قاسملوو لە ڕەفسەنجانی وەک سیاسەتمەدارێکی "پراگماتیست"، هەمان ئیستنبات بوو کە ئەوکات چاوەدێرانی سیاسی و سیاسەتمەدارانی ئورووپا و ئامریکا لە ناوبراویان هەبوو. لەڕاستیدا ئیدارەی بوشی یەکەم بە هیوای "پراگماتیستبوونی" ڕەفسەنجانی، هەوڵی خۆنزیکرکردنەوە و دروستکردنەوەی پەیوەندی لە گەڵ ئێراندا دا. بەڵام لێدوانەکانی ڕەفسەنجانی و کردارەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاتی سەرکۆماری ئەودا بوونە هۆی پاشگەزبوونەوەی ئیدارەی بوش لەو هەوڵانەدا.[24] بە هاتنە سەرکاری خاتەمی لە ساڵی 1997، ئامریکا لە سەردەمی بیڵ کلێنتندا هیوایەکی زۆری بە "بزووتنەوەی ڕێفۆرمخۆازی" خاتەمی هەبوو بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا و زۆر ڕاشکاوانەتر لە ئیدارەی پێش خۆی نیازی دروستکردنەوەی پێوەندیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕاگەیاند.[25] هەم ئیستنباتی د. قاسملوو لە ڕەفسەنجانی و هەم ئیستنباتی ئامریکاییەکان لە ڕەفسەنجانی و خاتەمی ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە سیاسەتدا شتێک بەنێو "لێکدانەوەی عەینی" (objective analysis) سەبارەت بە سیاسەتی نێوەوە یان دەرەوەی هیچ وڵاتێک مومکین نیە، بەڵکوو وەک بەشێکی زۆر لە زانایانی سیاسی جەختیان کردووەتەوە، ئیستنبات لە لێکدانەوە و بڕیاری سیاسیدا دەورێکی گرنگ دەگێڕێ.[26]

بە کورتی، سێ فاکتەری گرنگ دەبێ دەوریان گێڕابێ لە متمانەکردنی د. قاسملوو بە جیددی بوونی کۆماری ئیسلامی لەسەر دیتنەوەی چارەسەری ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد. یەکەم، بۆچوونی د. قاسملوو کە سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی نێوخۆییەتی. دووهەم، مومکین بوونی گۆڕان لە ئێراندا پاش مەرگی خومەینی. سێهەم، ئیستنباتی د. قاسملوو لە ڕەفسەنجانی وەک سیاسەتمەدارێکی "پراگماتیست."

منیش وەک جاناتن راندال کە بیر لە زانابوون و تیژهۆشی د. قاسملوو دەکەمەوە، سەرم سووڕ دەمێنێ لەوەی کە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەمنییەتی خۆی و هاوڕێیانی لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا دانیشت. بەڵام ئەو سێ هۆیەی کە ئاماژەیان پێ درا، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تێگەیشتن لە ڕەچاونەکردنی د. قاسملوو لە ئەمنییەتی خۆی و هاوڕێیانی.

د. قاسملوو بە نییەتی پاکەوە بەشداری لە وتوویژ لە گەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا کرد، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بە نیەتی کوشتنی ڕێبەری گەلی کورد "وتوویژیان" ئەنجام دا. چاوەڕوانیی د. قاسملوو لە گۆڕانی کۆماری ئیسلامی دوای مەرگی خومەینی و ئیستنباتی لە رەفسەنجانی بوونە هۆی مەرگی ئەو رێبەرە مەزنە، بەڵام ئەو هەڵەیەی کە د. قاسملوو کردی لە لێکدانەوەی خۆیدا سەبارەت بە نیەتی کۆماری ئیسلامی، هیچ لە تاوانی ئێران کەم ناکاتەوە.

***

**تێبینی**: گەلێک سوپاسی ئومید مەندومی دەکەم بۆ تێبینییەکانی لەسەر ڤێرژنی پێشووی ئەم وتارە.

---

[1] بڕوانە:

Randal, Jonathan *After Such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan* (Boulder, Colorado: Westview Press, 1999), p. 317.

[2] بڕوانە:

Op.cit., p. 7.

[3] بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هەڵە سەبارەت بە بەکاربردنی وشەی "نێوخۆیی" لەم بەستێنەدا درووست نەبێ، دەبێ جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەم کە مەبەست تەنیا ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینێ. کاتێک کە گەلانی چەوساوە لە زۆر وڵاتی فرەنەتەوەدا داوای پشتیوانی دەرەکیان کردووە، حکوومەتی ئەو وڵاتانە بە لەقەڵەمدانی خەباتی ئەوان وەک "موشکیلەی نێوخویی" و "ئەمنییەتی"، ویستیوانە پێش بە پشتیوانی دونیای دەرەوە لە خەباتی ئەو نەتەوەانە بگرن. بەکاربردنی دەستەواژەی "نێوخۆیی" لەم دوو حاڵەتەدا جیاوازە.

[4] قاسملوو، عەبدولڕەحمان "سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی"، لە نێو **تاقگەی هەقیقەت**، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، بەرگی دووهەم (ساڵ و شوێنی چاپ نادیار)، ل. 245.

[5] د. قاسملوو لەمەڕ زۆر بابەت بەرهەمی هەیە (لەوانە مێژووی سیاسی کورد، مێژووی حیزبی دێموکرات و سۆسیالیزمی دێموکراتیک)، بەڵام تا ئەو جێگایەی من بزانم، لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە، بێجگە لەو وتەیەی کە لەسەرەوە هێناومەتەوە، لێدوان یان نووسراوەیەکی لەدوای خۆی بەجێ نەهێشتووە. هەڵبەت وای بۆ دەچم کە د. قاسملوو ئاگاداری باسە تیۆریکیەکان لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە بووبێ، دەنا ئەو جەختکردنەوەی سەبارەت بە سیاسەتەی دەرەوە وەک ڕەنگدانەوەی سیاسەتی نێوخویی، بە بێ بەستێنێکی تیۆریکی وا مانا نادا.

[6] بڕوانە:

Zakaria, Fareed "Realism and Domestic Politics: A Review Essay", in *International Security*, Vol. 17, No. 1 (Summer, 1992), pp. 179-181.

[7] بڕوانە:

Dunne, Tim "Liberalism", in *The Globalization of World Politics*, ed. by John Baylis, Patricia Owens and Steve Smith (Oxford: Oxford University Press, 2008).

[8] بڕوانە:

Haass, Richard "The Return of American Realism", avaibale at http://www.project-syndicate.org/commentary/haass26, accessed May 11, 2009.

[9] بڕوانە:

Fukuyama, Francis *America at the Crossroads: Democracy, Power, and the Neoconservative Legacy* (New Haven: Yale University Press, 2006).

[10] بڕوانە:

Haass, Richard "The Return of American Realism".

[11] بڕوانە:

Leverett Mann, Hillary and Gwertzman, Bernard "Interview: U.S. Should Seek Comprehensive Accord with Iran", *The New York Times*, February 4, 2009.

[12] بڕوانە:

Diamond Larry, McFaul Michael and Milani Abbas *Beyond Incrementalism: A New Strategy for Dealing With Iran* (Stanford: Hoover Institution Press Publication, 2005), p. 7.

[13] ئەم مەسەلەیەم لە وتارێکی دیکەدا بڕێک زۆرتر شی کردوەتەوە، بڕوانە "سیاسەتی دەرەوی ئیدارەی ئوباما و مەسەلەی کورد"، لە نێو **بیری خوێندکار**، ژمارە 9.

[14] "وتوویژ لەگەڵ کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، لەسەر کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو"، لە نێو **تیشک**، ژمارەی 24، خاکەلێوەی 1388.

[15] ه.س.پ.

[16] قاسملوو، عەبدولڕەحمان "هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق"، لە نێو **تاڤگەی هەقیقەت**، کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی (ساڵ و شوێنی چاپ نادیار)، ل. 351.

[17] ه.س.پ.

[18] بڕوانە:

”No Safe Haven: Iran’s Global Assassination Campagin”, Iran Human Rights Documentation Center, New Haven, Connecticut, 2008, p. 25.

[19] بڕوانە:

Op.cit., p. 26.

[20] بڕوانە:

Ibid.

[21] قاسملوو، "هەلومەرجی ناوچە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق."

[22] بەرێز ئیبراهیم لاجانی، ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات، لە کاتی سەفەرێکدا بۆ ستوکهۆلم لە سەرەتای هاوینی 2008دا ئەو زانیاریانەی پێ دام. گەلێک سوپاسی دەکەم.

[23] لێرەدا بە پێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستا شیوەسەڵی بکەم بۆ ئەو زانارییە.

[24] بڕوانە:

Litwak, Robert *Rogue States and U.S. Foreign Policy: Containment after the Cold War* (Baltimore: The Johns Hopkins University Press, 2000), pp. 163-166

[25] بڕوانە:

Albright, Madeleine *Madam Secretary: A Memoir* (New York: Hyperion, 2003), p. 320.

[26] بۆ نموونە بڕۆانە:

Schweller, Randall *Unanswered Threats: Political Constraints on the Balance of Power* (New Jersey: Princeton University Press, 2006), p. 37; Wohlforth, William *The Elusive Balance: Power and Perceptions during the Cold War* (Ithaca: Cornell University Press, 1993), p. 20.